# ستالینیزم

لە ئینگلیزییەوە: فازڵ حسین مەلارەحیم



ئایا ستالینیزم چیە؟ ئەمە هەمان شت نییە وەک کۆمۆنیزم. چونکە ئەگەر هەموو رژێمە کۆمۆنیستەکان ستالینیی بوونایە، چۆن دەمانتوانی جیاوازیی بکەین لە نێوان رەشەکوژیی جۆزیف ستالین(1869-1953)و سیاسەتی قەلاچۆکردنەکەی، لەگەڵ دیکتاتۆریەتە کۆمۆنیستە دەسەڵاتخوازەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەورووپای خۆرهەڵات لە دوای 1953؟ گرنگە چەمکی ستالینیزم بە وردیی پێناسە بکرێت، بۆ ئەوەی بە روونی لە زاراوەکانی دیکە جیابکرێتەوەو دیاریبکرێت.

چەند هاوچەرخێک ئەو سەرنجە دەردەبڕن کە دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیست لە یەکێتی سۆڤیەتی سالانی سیەکان و چلەکاندا جیاوازبوو لەگەڵ دیکتاتۆریەتە دەسەڵاتخوازەکانی دیکە. تارادەیەک لە رژێمی سۆشیالیستی نەتەوەیی لە ئەڵمانیا دەچوو، چونکە خاسیەتی حوکمی بەلشەفی بوو لە سەردەمی ستالیندا، کە تەئکیدی لە داواکانی دەکردوە بۆ داگیرکردن و خستنەژێردەستی کۆمەڵگە فرە رەگەزەکانی ئیمپراتۆریەتەکە، هەژمونکردن

و کۆنترۆڵکردنیان. بەڵشەفیەکان هەوڵیاندەدا گەلی نوێ و نیزامی نوێ لە هیچ دروستبکەن و کەوتبوونە قەڵاچۆکردنی ئەوانەی کە بە دوژمنی نیزامە نوێیە کۆمەڵایەتیەکەیان تەماشا دەکرد. بەلشەفیەکان دوژمنەکانی خۆیان دەکردە گروپی ئیتنی و کۆمەڵایەتیی، کە دواتر جیادەکرانەوەو لەناودەبران. لەماوەی جەنگی ناوخۆدا لە نێوان 1918 و1924دا ، بەلشەفیەکان هەوڵیاندا دوژمنەکانیان ناوپیس بکەن و قەلاچۆیان بکەن. لە 1929 وە بۆ 1933 زیاتر لە دوو ملیۆن دەشتەکیی و گوندنشین وەک (جوتیارە باشەکان) تۆمارکران و نێردران بۆ سیبیریا، وە زیاتر لە 10 هەزاریان کوژران. نوخبە قەیسەریەکان و ئەندامانی کەمینە نەتەوەییەکانیش هەمان چارەنوسیان توشبو. لە 1937 و 1938 دا پتر لە یەک ملیۆن کەس بە فەرمانی ستالین دەستگیرکران. هەندێکیان بەگوێرەی بەشبەرکەوتن گوللەباران کران. زیاتر لە 680 هەزار کەس گیانیان لەدەستدا تەنها لەبەرئەوەی سەربە گروپێکی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتیی بوون، کە سەرکردایەتیی وای بۆ دەچوو لە بەرەی دوژمنانی بن. ئەو ترس و ڕەشەکوژیە بە تەنها دژی ژێردەستەکانی ڕژێم ئاراستە نەدەکرا، بەلکو نوخبەکانی حیزب و سیاسیەکانی دەولەتی سۆڤیەتیشی لەناو دەبــرد.دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان(1939-1945) توندوتیژیی و ڕەشەکوژیی بە شێوەیەکی سەرەکیی دژی کەمینە نەتەواپەتیەکان، هاوکارەکان و سەربازانی سۆڤیەتی پێشوو، ،ئەوانەی ئەلمانیا لە جەنگدا گرتبوونی ئاراستە دەکرا.لەبەر ئەوە، دەتوانین بڵێین، کە ستالینیزم ڕژێمی تیرۆر و توندوتیژیی و قەلاچۆکردن بووە. لە هەڵکشانی ستالینەوە وەک ئۆتۆکراتێک دەستیپێکرد و بە مردنەکەی لە 1953 دا کۆتاییهات.

یەکەمین کەسانێک کە باسی ستالینیزمان کــردوە هاوچەرخەکانی بوون. لێون ترۆتسکی(1879-1940)کە لە سالأنی بیستەکاندا دوای لەدەستدانی دەسەڵات بۆ ستالین، ستالینیزم بە حوکمی چینێکی بیرۆکراتیی ڕاڤە دەکات، کە جێگەی پرۆلیتاریای گرتەوە. بە بۆچوونی ئەو ستالینیزم ناپاکیی و خیانەت بوو بەرامبەر پرەنسیپەکانی سۆشیالیزمی" ڕاستەقینە"، کە ڤلادیمێر لینین نوێنەرایەتیی دەکرد(1870-1924) ئەم ماناکردنە(لێکدانەوەیە)، لەگەڵ ئەوەشدا، نەیتوانیی ڕوونیکاتەوە بۆچی دەزگاکانی حیزب و حکومەت خۆیان وێرانکرد لە کۆتایی سییەکاندا و لەوەش زیاتر، هیچ ڕونکردنەوەیەکی نەدا بۆ ڕۆلی ستالین لە ستالینیزم دا.

حەننا ئەریندت(1906-1975) و کارڵ فریدریک(1901-1984)هەروەها کاریگەریی بیرۆکەی دیکتاتۆری مۆدێرنی سەدەی بیستیان لەسەربوو. ئەوان دەیانگوت کە ستالینیزم شێوازێکە لە دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتخواز، بەوەش جیایاندەکردەوە لە دیکتاتۆریەتە دەسەلاتخوازە تەقلیدیەکانی دیکە. بەگوێرەی ئەم تیۆریە ستالینیزم دیکتاتۆریەتی دەسەلاتخوازە، چونکە داوای هەژمون و دەستبەسەراگرتنی تەواوەتیی دەکات و بووەتە هۆی لێکترازان و گۆرینی کۆمەلگە، کۆمەلگەی خستوەتە بەر کۆنترۆلی تەواوەوە، تاکیشی وەک بابەت سریوەتەوە و لێکهەلوەشاندوە. مشتومر لەسەر ئەوە هەبووە کە ئەم لێکدانەوەیە بەهەلە لە داواکانی ڕژێم بۆ حەقیقەت ،گەیشتوەو وایداناوە کە دەولەتی ستالینیی توانای هەبووە کۆنترۆلی تەواو بەسەر کۆمەلگەدا پیادە بکات.

لێکۆڵەرەوان لە مێژوونوسینی ئەمریکاییدا لە لایەن خۆیانەوە گوتویانە کە ئەو توانا وێرانکەرەی ستالینیزم لە دینامیکەکانی " کۆمەلگەی بزۆک"ەوە سەرچاوەی گرتوە. بەپێی ئەم چەمکە ستالینیزم ئەنجامی چالاکیي" لە ژێرەوەی" گروپە ڕکابەرەکان لەناو دەزگاکانی دەســەلاتــدا، کە گوشاریی کۆمەلایەتیی دروستکردوەو سەرکردایەتیش دەبوو کاردانەوەو وەلامی هەبێت.

دوای کردنەوەو ئاشکراکردنی ئەرشیفەکانی ڕوسیا لە نەوەدەکاندا باس و مشتومر لەسەر ستالینیزم وەرچەرخانێکی دیکەی بەخۆوە بینی. ئیتر هیچ گومانی دیکە نەما کە ئەوە ستالین و دەستوپێوەندەکانی بوون کە ستراتیژی ڕەشەکوژیی و قەلاچۆکردنیان دادەڕشت، هەرچەندە نەیاندەتوانی بە بەردەوامیی کۆنترۆلی بەئەنجامگەیاندنی ئەو سیاسەتانە بکەن. سەرەتاو پەیدابوونی ستالینیزم ئەو ئــارەزوەی سەرکردایەتیی بووە بۆ گۆرینی کۆمەلگەو دواتریش کۆنترۆلکردنی تەواوەتیی. لەم ڕووەوە، ستالینیزم لە ئیدیعاکەیدا دەسەلاتخواز بوو. بەلام بەلشەفیەکان تەنها دەولەتێکی لاوازیان دادەنا و ئیتر نەیاندەتوانیی داواکانیان لە ئیمپراتۆریەتێکی فرەرەگەزی هەمە چیزە بهێننە دی. لەبەر ئەم هۆیە بوو کە توندوتیژیان پیادەدەکرد بۆ شکاندنی بەرگریی و بەربەرەکانێ. ڕەشەکوژیی و قەلاچۆکردن ڕویدا، بەلام لەژێر بارودۆخی بونیادە کۆن و نوێنەرییکراوەکانی دەسەلاتدا. ئەم بونیادانەی دەسەلات نەک تەنها گەیشتنی ستالینی بۆ سەرۆکی حیزب مسۆگەرکرد، بەلکو هەروەها مەرجی پێشەکیی بووە بۆ سیستمێک کە تیایدا زۆردارێکی وەک ستالین بتوانێت خەیالە درندانەییەکانی بهێنێتە دی . ستالینیزم ناوی ستالینی هەلگرتوە، کە نمونەی سیستمەکە بووەو ناکرێت باس لە ستالینیزم بکەیت بەبێ حیساب کردن بۆ خودی ستالین.

**سەرچاوە:**

International Encyclopedia Of Social Sciences